# پشتپەردەی گوشارەکانی ئەمدواییەی تاران لەسەر هەرێمی کوردستان

09-10-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** خۆپیشاندانەکانی ژینا پێی ناوەتە حەوتەی چوارەم و، لە رۆژانی رابردووشەوە گوشارەکانی ئێران بۆ سەرهەرێمی کوردستان لەبارەی مانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات زیادیکردووە. ئێران لە 28ی سێپتەمبەردا بۆ لێدانی حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەجارێك نزیکەی 70 موشەك و درۆنی نا بە خاکی هەرێمی کوردستانەوە

## بەرایی

خۆپیشاندانەکانی ژینا پێی ناوەتە حەوتەی چوارەم و، لە ڕۆژانی ڕابردووشەوە گوشارەکانی ئیران بۆ سەرهەرێمی کوردستان لەبارەی مانەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زیادیکردووە. ئێران لە 28ی سێپتەمبەردا بۆ لێدانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بەجارێك نزیکەی 70 موشەك و درۆنی نا بە خاکی هەرێمی کوردستانەوە کە بەشێکی ئامانجەکانیش بە دووری زیاتر لە 100کم لە سنوور، شوێنی کەسانی سڤیل بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەکانی ئێران سەبارەت بە ئەگەری دەستیوەردانی زیاتر و تەنانەت هاتنی هێزی ئێرانی بەردەوام بوو. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە دوا گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بەو بابەتە چین و، پشتپەردەی ئەو بابەتە چی تێدایە کەوا بەرپرسانی سیاسی و سەربازی تاران مژاری مانەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیان لە هەرێمی کوردستان گەرم کردۆتەوە؟

## بۆچی ئاگربەست؟

میدیاکانی نزیك لە سوپای پاسداران دەستەواژەی ئاگربەستیان بۆ دۆخی دوای هێرشە موشەکی و درۆنییەکان بەکارهێناوە و جەختیان لەوە کردووە کە درێژەکێشانی ئەو ئاگربەستە، پەیوەندی بە ڕەفتاری بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. وا پێدەچێت کە ئێران سەبارەت بە مانەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار شوێنی نزیك سنوور( بەردە سۆر، سەقەر، بەربزین و ئالانە) لە ناوچەیەکی نێوان چۆمان و سیدەکان لە پارێزگای هەولێر زۆر هەستناك بووبن. هەروەها نیگەرانیش بووبن لە ئەگەری پەیوەندی کۆنسوڵخانەی وڵاتانی دەرەوە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. هیشتا بە تەواوی ڕوون نییە کە ئەم بابەتە بە کوێ دەگات بەڵام لەوانەیە دانوستاندنەکانی پشتپەردە جۆرە ڕێککەوتنێکی کاتیی لێکەوتبێتەوە، بۆیە باسی ئاگربەست دەکرێت! هەڵبەت بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاگربەست دەتوانیت بۆ خۆی نیشانەی هەبوونی ئامانجێکی فراوانتر لە بابەتی شوێنەکانی مانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات یان دیداریان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانیش لەخۆ بگرێت. ئەو حیزبانە تەقریبەن لەساڵی 1996ەوە چالاکییە چەکدارییەکانیان لەدژی ئێران ڕاگرتووە و پرسی مانەوەییشان لە ساڵانی ڕابردوودا نەبووەتە گرفتێکی گەورە لە نێوان هەولێر و تاران. بەڵام ئەوە پرسیارە کە بۆچی لەم کاتەدا وەك پرسێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا قیت بووەتەوە؟

## پاڵنەری گوشارەکانی تاران

بێشك یەکێك لە گرنگترین فاکتەرەکانی پشت ئەو هێرش و گوشارانەی ئەمدواییەی تاران دوورخستنەوەی سەرنجەکانە لەسەر خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە کە بە یەکێك لە گرنگترین ڕووداوەکانی 4 دەیەی ڕابردووی ئەوێ هەژمار دەکرێت. هەبوونی ناڕەزایی لە شوێنێکی وەکوو کوردستان یان بەلوچستان لە ئێران شتێکی ئاسایی بووە بەڵام ئەوەی کە جیاوازە ئەوەیە کە ئێستا خۆپیشاندان بە شێوەیەکی بەرچاو لە شارە شیعەنیشنەکانی ئێرانیش دەکرێت و ئەمەش دوور نییە لەو شەپۆلە ناڕەزاییە جەماوەرییەی کە چەند ساڵێکە لە لوبنان، عێراق و ئێستاش لە ئێران دروستبووە. ڕەنگە بەرپرسانی ئێران بە هیوابن بەوەی کە ئەگەر خۆپیشاندانەکان بە دەستوەردانی دەرەکی، پلانی وڵاتان و هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ببەستنەوە، ئەوسا دەتوانن بە لەونێك ڕای گشتی وڵاتەکەیان ئارامتر بکەنەوە!

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە لەوانەیە ئێران دڵنیا نەبێت لەوەی کە لە ماوەی درێژخایەندا چی لە عێراق ڕوودەدات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شەپۆلە بیرکردنەوە دژە ئێرانییەی کە لە 2018وە لە عێراق بەردەوام گەشە دەکات، لەوانەیە دۆخی ئێستا بە باشترین دەرفەت بزانێت بۆ ئەوەی پرسی مانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان یەکلا بکاتەوە، وەك ئەوەی کە سەبارەت بە موجاهیدنی

خەڵق کردی. لە بیرمان نەچێت ئەو کاتەی کە عادل عەبدولمەهدی بووە سەرۆك وەزیران، بۆجاری یەکەم لەدوای 2003وە، چارەسەکردنی پرسی مانەوەی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتان لە عێراق لە بەرنامەی حکومەتدا جێگیر کرا. بۆیە ئەم بابەتە شتێکی تازە نییە و دەتوانێت ریشەیەکی درێژتر لە خۆپیشاندانەکانیشی هەبێت.

 هەڵبەت ئەمە تاکە فاکتەر نییە و دەشێ مژاری پێکەوەنانی حکومەتی بەغداش بابەتیکی دیکەی پەیوەندیدار بەو گوشارانە بێت. سەرەڕای ئەوەی کە لە مانگی رابردوودا رێککەوتنێکی نێوان چوارچێوەی هاوئاهەنگی و پارتی دیموکراتی کوردستان و سوننەکان هاتە ئاراوە، بەڵام پێدەچێت ئەو رێککەوتنە کێشەیەکی تێکەوتبێت! لایەنە کوردییەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە رێککەوتن وئەمەش بۆ خۆی دەتوانێت رەنگدانەوەیەکی رێکنەکەوتنی کۆتایی چوارچێوەی هاوئاهەنگی و پارتی دیموکراتی کوردستان بێت. دیدگایەکی بەهێز لەنێو ئێران هەیە کە پێویستە دەسەڵاتی ئێران یەکدەست بێت و رەنگە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، تاران زیاتر حەزی لەوە بێت کە لە بەغداش حکومەتێکی یەکدەست و نزیکتر لە خۆی ببینێت، یان لانیکەم حکومەتێك بێت کە مەرجی زۆر قبوڵ نەکات. بێگومان ئەمەش دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەوڵەکانی ئەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی شەپۆلی نارەزایی نێوخۆی وڵاتەکەیان هەبێت و ئەگەر لە عێراقیش خۆپیشاندانێکی دیکە رووبداتەوە، لەوانەیە هاوشێوەی پێشتر بە توندی هەوڵی سەرکوتکردنی بدرێت وەك ئەوەی پێشتر کرا. بۆیە پێدەچێت یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو گوشارانە ناچارکردنی پارتی بێت بە رێککەوتن لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی بە مەرجێکی کەمترەوە.

فاکتەریکی دیکەش دەتوانێت پەیوەندی بە پرسی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە هەبێت و لەوانەیە، هاوکاتبوونی هێرش و گوشارەکان لەسەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ زیادبوونی هێرشی گرووپە چەکدارییەکان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سووریا و تەنانەت عێراقیش نیشانەیەکی ئەوە بێت. دەشێ ئەمەش بۆ ئەوە بێت کە تاران بە تەمابێت کاریگەری خۆی لەسەر ئارامی و نائارامی ناوچەکە پیشانی ئەمریکا بداتەوە.

## کۆتایی

بابەتی مانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان  بۆ سەردەمێکی زۆر زووتر دەگەرێتەوە و بۆ چەند دەیە دەچێت کە ئێران بە جۆرێك لەگەڵ ئەو پرسەدا راهاتووە. حیزبەکانیش تەنانەت چالاکییەکی چەکداریی ئەوتۆیان لەدژی ئێران رێکنەخستووە. بگرە هەندێك لەو بارەگایانەی کە کراوەنەتە ئامانج  نزیکەی 150 کم دووری سنووریش بوون. بۆیە دەشێ هۆکاری گوشارەکان لەرێی ئەو بابەتەوە، زیاتر پەیوەندی بە خۆپیشاندانەکانی ژینا، پرسی پێکهێنانی حکومەت  و دۆخی عێراق، هەروەها  مژاری رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی تارانەوە هەبێت.